لیۆ خۆی بەدەستەوە نادات و پێیوایە تەنیا پێپ خەونە گەورەکەی دێنێتەدی..

# گواردیۆلا مەرجی مانەوەی (مێسی)یە لە تانگۆ

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

تۆڕی هەواڵی TNی ئەرجەنتینی، بۆمبێکی گەورەی تەقاندەوەو رایگەیاند، مەرجی مانەوەی لیۆنێل مێسی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین تاوەکو مۆندیالی 2022ی قەتەر، هێنانی پێپ گواردیۆلای راهێنەری پێشووی لیۆیە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردەی تانگۆ.

بەپێی ئەو سەرچاوەیە، یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتینی بڕیاریداوە خۆرخێ سامپاولی لە پۆستی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین دووربخاتەوە، بەهۆی ئەو شکستەی لە مۆندیالی رووسیا تووشی بوو، کە زۆر کەس پێیانوابوو ئەمە دوایین مۆندیالە بۆ لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی، بەڵام وادیارە مێسی رازییە بۆ مۆندیالی داهاتوو بمێنێتەوە، بەڵام بە مەرجی ئەوەی خۆی راهێنەری هەڵبژاردەی تانگۆ دابنێت.

بەپێی تۆڕی هەواڵی TNی ئەرجەنتینی، یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتینی لەسەر داوای مێسی هەوڵدەدات، پێپ گواردیۆلای راهێنەری پێشووی لیۆ لە بارسیلۆنا رازی بکات بۆ ئەوەی پۆستی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی تانگۆ وەربگرێت، چونکە وەک ئەو سەرچاوەیە نووسیویەتی "مێسی پێیوایە تەنیا گواردیۆلا چارەسەرە بۆ تانگۆ، ئەو دەتوانێت تیپێکی بەهێز بۆ مۆندیالی 2022 ئامادە بکات و جامی جیهانیش بباتەوە".

لە کاتێکدا کە هەموان لەو بڕوایەدا بوون، مێسی لەدوای شکستی ئەم مۆندیالە، وازهێنانی خۆی لە یاری نێودەوڵەتی رادەگەیەنێت، ئەو گوتی "واز لە یاری نێودەوڵەتی ناهێنم تاوەکو جامی جیهانی نەبەمەوە".



WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (506)   سێشەممە   2018/7/10   19ی پووشپەڕ - 2718   (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

بەرەو یاری کۆتایی مۆندیالی 2018، کە هەردوو لایەنەکەی ئەورووپی دەبن..

3

# EUROMUNDIAL



## رۆناڵدۆ: رامۆس خیانەتی لێکردم

4

RUSSIA 2018

قۆناخی 4ی مۆندیال

سێشەممە 10/7/2018

09:00

فەرەنسا — بەلجیکا

چوارشەممە 11/7/2018

09:00

ئینگلتەرا — کرواتیا

2

## ژاڵە جیهاد: کاراتێی کچان تەنیا بۆ چەند کەسێکە



3

## فێرناندینیۆ کێشە بۆ دایک و هاوژینەکەی دروستدەکات



راستەوخۆ ئاگاداری رووداوەکانی جامی جیهانی 2018 بە!
ئێستا ئەپلیکەیشنی کاپتن کورەك دابەزێنە
بۆ وەرگرتنی ماوەی تاقیکاری بەخۆڕایی!

Captain KOREK

App Store
Google play

KOREK Telecom
korektel.com
411

**دڵخۆشە**



یونس مەحموود، کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق، لە میوانداری بەرنامەی شرۆڤەی مۆندیالی (تۆڕی میدیای رووداو)دا رایگەیاند زۆر دڵخۆشە کە لە هەولێر دەژیت. لەو بەرنامەی رووداودا، کە بۆ شرۆڤەی یارییەکانی مۆندیال میوانداری یونس مەحموودی کردبوو، ئەو ئەستێرەیە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ماڵێکی لە هەولێرەوە بە زۆری کاتەکەی لە پایتەختی کوردستان بەسەردەبات «کەشوهەوای هەولێر زۆر خۆشە، من لێرە کاتێکی خۆش بەسەردەبەم، زۆر دڵخۆشم کە لەگەڵ هاوڕێکانم سەیری یارییەکانی مۆندیال دەکەم».

## ژمارەی راهێنەرانی کچ لە زیادبووندایە..

# فێرگەی رانیە شوێنی بەرهەمهێنانی یاریزانی کچە





**رووداوی وەرزشی - رانیە**

شاناز عەلی، راهێنەری تیپی تۆپی پێی فێرگەی کچانی رانیە، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند ئامانجیان خزمەتکردنی وەرزشیی تۆپی پێی کچانە لە شاری رانیە و گوتی «ماوەی زیاتر لە 6 ساڵە ئێمە خۆبەخشانە کاردەکەین، چەندین یاریزانیشمان داوە بە یانەکانی کوردستان».

تیپی تۆپی پێی کچانی فێرگەی رانیە، ماوەی 6 ساڵە لە قەزای رانیە لە دەڤەری راپەڕین دروستبووە، بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو تیپە بۆ رێکخراوی ccpaی دانیمارکی دەگەڕێتەوە، بەڵام وەرزشدۆستانی شاری رانیە بە گوڕوتینێکی زۆرەوە ئەم تیپە بەڕێوەدەبەن، کە یەکێک لە راهێنەرانی تیپەکەش مامۆستا شاناز عەلی یە. ئەو کە وەرزشکارێکی شارەکەیە و خۆبەخشانە ئەرکی راهێنەرایەتی ئەو تیپە دەکات، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو فێرگەیە لە کردنەوەی خولێکی راهێنانەوە هاتووە، کە لەلایەن رێکخراوی کاپەی دانیمارکی کرابووەو ئامانجیان خزمەتکردنی منداڵانی ئەو وڵاتانەیە کە جەنگیان تێدا روویداوە، ئێمەش بەشداریمان تێدا کردو دوای تەواوبوونی خولەکە داوامان لە ستافی رێکخراوەکە کرد فێرگەیەکی تۆپی پێی بکەنەوە، خۆشبەختانە ئەوان چەند فێرگەیەکیان کردووە لە شارەکانی کوردستان».

ئەو راهێنەرە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەوان ستافێکن لە زیاتر لە 15 راهێنەر لە هەردوو رەگەزی کوڕ و کچ پێکهاتوون و ماوەی 6 ساڵە لەو فێرگەیەن بەبێ دابڕان «هەردوو تیپی کوڕان و کچانمان هەیە، ئامانجمان خزمەتکردنی منداڵانی شارەکە و دوورخستنەوەیانە لە کۆڵان و شوێنە لاوەکییەکان، دەمانەوێ بەشێوەیەکی تەندروست فێریان بکەین». هەروەها گوتیشی «ئێمە پەیوەندیمان بە یانەکانەوە نییە، چونکە ئەوان خۆیان تیپ و راهێنەری تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆیە تاوەکو تیپی خۆیان هەبێت بە ئێمە ناڵێن، مەرجەکانی ئێمە و ئەوان یەکدی ناگرنەوە، بەڵام یاریزانی زۆرمان بە یانەکان داوە، فێرگەکەمان بووەتە شوێنی بەرهەمهێنانی یاریزانی کچ».

لەبارەی سنووری رانیەشەوە، ئەو راهێنەرە گوتی «ئافرەتان لە سنوورەکەی ئێمە بە رێژەیەکی باش دێنە ناو بواری وەرزشەوە، ژمارەی راهێنەرانی کچیش ئێستا لە زیادبووندایە. ئێمە خۆبەخشانە کاردەکەین و هیچ برە پارەیەکمان نییە، بۆ فێرگەکەش کەسانی دڵسۆز و وەرزشدۆست هاوکاریمان دەکەن، یانەی رانیەش یاریگەمان بۆ دابین دەکات، ئەو رێکخراوە دانیمارکییەش تەنیا کەلوپەلی وەرزشی پێداوین».

## ژاڵە جیهاد، یاریزانی کاراتێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# کاراتێی کچان تەنیا بۆ چەند کەسێکە



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - چەمچەماڵ**

ژاڵە جیهاد، یاریزانی تیپی کاراتێی کچانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند ئاستی یاری کاراتێ زۆر بەرەو دواوە چووە، هەموو ساڵێک چەند یاریزانێک هەیە لە پاڵەوانیەتییەکان یاری دەکەن و هەر ئەوانەشن و زیاد نابن».

یاریزانانی کاراتێی یانەکانی کوردستان بەردەوام گلەیی ئەوەیان هەیە کە پاڵەوانیەتی بەردەوامیان بۆ ناکرێتەوە، بۆ ئەوەی پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن و بتوانن کێبڕکێ بکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی کاراتێ و بتوانن بەشداربن لە خول و پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەی هەرێم. یەکێک لەو یاریزانانەش کە بەردەوام لە مەشق و ئامادەکارییەو ناتوانێت دەستبەرداری ئەو یارییە بێت، ژاڵە جیهادی یاریزانی تیپی کاراتێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانییە. ئەو لەبارەی ئەو یارییەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئاستی یاری کاراتێ لە کوردستان بەرەو دواوە چووە». ژاڵە گلەیی لە بەرپرسان و کارگێڕی یانەکان دەکات و دەڵێت «بەڕاستی هەموو ساڵێک چەند یاریزانێک هەیە، ئەوانە دیاریکراون هەر پاڵەوانیەتییەک هەبێت تەنیا ئەوانە دەبەن، بۆیە تاوەکو یاریزانیش پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە نەبینێت پێش ناکەوێ، چونکە لە ناوخۆی عێراق هیچ پاڵەوانیەتیەک ناکرێتەوە بۆ ئاستی پێشکەوتووانی کچان».

لەبارەی کار و پلانەکانی خۆی و دەنگۆی ئەوەی گوایە دەیەوێ تیپێکی ئاستی بچووک دروست بکات، ژاڵە گوتی «ئێستا هیچ بەرنامەیەکم نییە، بڕیاری ئەوەشم نەداوە تیپێکی ئاستی بچووک دروست بکەم، چونکە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە من یاریزانی بچووک پێبگەیەنم». هەروەها لەبارەی نەهاتنە پێشەوەی کچان بۆ ئەم یارییەش گوتی «یاری کاراتێ یارییەکی خۆشە، بەڵام کچان وا هەست دەکەن کە ئەم یارییە لەگەڵ سروشتی کچان ناگونجێ، کە لە راستیدا وا نییە، یارییەکی زۆر خۆشەو کچان دەتوانن لە پاڵەوانیەتییەکاندا مەدالیای جۆراوجۆر بەدەستبێنن، هیوادارم بایەخ بە کاراتێی کچان بدرێت و پاڵەوانیەتی زیاتریان بۆ بکرێتەوە، منیش بتوانم بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکی نێودەوڵەتیدا بکەم و مەدالیای زێڕ ببەمەوە».

> «هیوادارم بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکی نێودەوڵەتیدا بکەم و مەدالیا زێڕ ببەمەوە»

## نزار نوری، راهێنەری لاوانی یانەی برایەتی:

# خۆمان کۆدەکەینەوە



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - هەولێر**

نزار نوری، راهێنەری لاوانی یانەی برایەتی، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند لە بەشێک لە یانەکانی کوردستان زیاتر پشت بە یاریزانی ئامادەکراو دەبەستن لە بری یاریزانانی خۆیان، گوتیشی «لە چەند رۆژی داهاتوودا تیپەکەمان کۆدەکەینەوە».

نزار نوری، راهێنەری تیپی لاوانی یانەی برایەتی، لەبارەی ئاستی وەرزشیی تیپەکانی لاوان، گوتی «ئاستی وەرزشی لە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی زۆر باش نییە، هۆکارێکی ئەو بارودۆخەش ئەوەیە کە یانەکان بایەخ بە پێگەیاندنی یاریزانانی لاو نادەن، بەداخەوە بەشێک لە یانەکانی کوردستان یاریزانی ئامادەکراویان دەوێ، تەنیا چەند یانەیەک نەبێ کە زیاتر پشت بەتوانای یاریزانی لاوی تیپەکانیان دەبەستن ئەوەش سوودێکی زیاتری دەبێت بۆ تیپەکە». هەروەها گوتیشی «ئەگەر بمانەوێ یانەکان باشتر بکەین و یاریزانی باش پێبگەیەنین، پێویستە گرنگی بە تیپەکانی لاوان بدەین، چونکە ئەوان بناخەن بۆ دوارۆژی تیپەکان». راهێنەری ناوبراو هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دابینکردنی پێداویستی بەردەوام و یاریگە و دیاریکردنی خولی ساڵانە، یارمەتی یانەکان دەدەن یاریزانی بەتوانا پێبگەیەنن.

نزار نوری، خاوەن ئەزموونێکی زۆرە لە بواری راهێنەری و لەگەڵ یانەی برایەتی چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە، جگە لەوەش تیپەکەی بووەتە کارگەیەک بۆ وەبەرهێنانی یاریزانان. خەریکە جارێکی دیکە تیپەکە کۆدەکەنەوە بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی کوردستان «بەهۆی گرفت و کێشەی دارایی تاوەکو ئێستا تیپەکەمان کۆنەکردووەتەوە، پەنا بەخوا لە چەند رۆژی داهاتوودا تیپەکەمان جارێکی دیکە کۆدەکەینەوە، بەرنامەی باشمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بتوانین تیپێکی تۆکمە و باش ئامادە بکەین».

> «یانەکانی کوردستان زیاتر پشت بە یاریزانی ئامادەکراو دەبەستن»

تەنها بۆ تۆ
ئۆفەری نایابی کورەك




مەهێڵە هیچ نامەیەکی (کورەك)ت لەدەستبچێ...
بەردەوام نامەی وەرگیراوت بخوێنەوە بۆ ئەوەی سوودمەندبیت لە ئۆفەری ناوازە.

پەیوەندی بکە بە #234* بۆ زانینی دواهەمین ئۆفەری تایبەت و داشکاندن و باڵانسی ماوەی ئۆفەرەکان.

411
korektel.com



## هەڕەشە دەکات

ڕۆژنامەی لیمۆندی فەرەنسی، ئاشکرایکرد ناسر خلێفی سەرۆکی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، زۆر تووڕەیە لە بەرپرسانی یانەی ریال مەدرید، چونکە زانیویەتی کە ئەو یانە ئیسپانییە هەوڵ بۆ کڕینی یەکێک لە دوو ئەستێرەکەی، نەیماری بەرازیلی یان ئێمباپێی فەرەنسی دەدات. بەپێی ئەو ڕۆژنامەیە، خلێفی ڕاستەوخۆ لەو بارەوە قسەی لەگەڵ فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی ریال مەدرید کردووە و ڕاشکاوانە هەڕەشەی ئەوەی لێکردووە ئەگەر واز لە نەیمار و ئێمباپێ نەهێنێت، ئەو تۆنی کرۆسی ئەستێرەی ئەڵمانی لە ریال مەدرید دەبات.

### بەرەو یاری کۆتایی مۆندیال، کە هەردوو لایەنی ئەوروپی دەبن..

# یۆرۆمۆندیال.. جەنگی جیهانی ئەوروپای 2018

**شرۆڤە: سەفین تەها**

بەرەو کۆتایی دەچێت ئەو پاڵەوانێتییەی گەورەو بچووک، ژن و پیاو، تەنانەت ئەوانەی نازانن تۆپ چییە لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، جامی جیهانی 2018ی ڕووسیا تەنیا چەند ڕۆژێکی ماوەو ئیدی وڵاتی ورچەکان بەڕێزەوە هەموان بەڕێدەکات و ئەرکەکەی کۆتاییدێت.

سەرەتا دەمەوێ لەوەوە دەستپێبکەم کە ئەم مۆندیالە یەکێک بووە لە خۆشترین مۆندیالەکانی مێژوو لە ڕووی ڕێکخستن و ئەمنییەتەوە، تەنانەت لە ڕووی گەشتیاری و میدیاشەوە تەواو لەوانەی دیکە خۆشتر و چێژبەخشتربوو.

ئەی دەربارەی ئەنجامەکان، ئاخر لە چ مۆندیالێکی دیکەدا وەک ئەمە سوپرایز و ئەنجامی چاوەڕێنەکراو بیندراوە، حەزتان لە مۆندیالێک نییە کە نەزانی ئەنجامەکەی چۆن دەبێت یان دەتانەوێ پێش یارییەکەو لەسەر کاخەز هەمووشتێک یەکلاییبووبێتەوە، نەخێر مۆندیالی 2018 وایکرد کە ڕێز لە هەموو تیپە بچووک و گەورەکان بگرین و سەیری چێژی تۆپی پێ بکەین کە چۆن ئەڵمانیا کرایە دەرەوەو ئیسپانیا ماڵئاواییکرد و بەرازیل بێ ئومێدکرا، ئەرجەنتین و پۆرتوگال هەرزوو بای بایان کرد، خۆی ئەم مۆندیالە لە بەشداری نەکردنی ئیتاڵیا و هۆڵەنداوە دەستی بە سوپرایز کرد.




## فەرەنسا — بەلجیکا
10/7/2015

کەڵەشێرەکانی فەرەنسا لە کۆمەڵەی سێیەمدا بە پلەی یەکەم سەرکەوتن، لە 16 ئەرجەنتینیان دەکردو لە 8 ئۆرۆگوای، پێشتریش لەگەڵ پیرۆ و ئوسترالیا یاریکردبوو، بۆیە ئەوەم نووسی بۆ ئەوەی بزانن کە فەرەنسا لە کۆی 5 یاری 4 دانەی بەرامبەر بەو تیپانە بووە کە ئەوروپی نین، بەڵام ئەمجارە ڕووبەڕووی بەهێزترین تیپی ئەوروپا دەبێتەوە چ لە ڕووی تەکتیک چ لە ڕووی یاریزان و ئەستێرەوە کە بەلجیکایە.

ئەوەی باسمکرد لە دوو حاڵەتدا دەکرێ شیکردنەوەی بۆ بکرێت، باش و خراپ، یەکەمجار خراپەکە چییە؟ خراپەکە ئەوەیە کە یاریزانانی فەرەنسا لەوە ڕانەهاتوون یان تەجروبەیەکی ڕاستەقینەیان بەرامبەر بە تیپێکی ئەوروپی نەکردووە کە لە هەموو ڕووەکاندا پێرفێکتن، لە تۆپی بەرز، هێرشی هەڵگەڕاوە، توانای تاکەکەسی، بەهێزی بەرگریکارەکانی، بوونی 3 سوپەر ئەستێرەی جیهانی لە ناوەڕاست و پێشەوە. ئەی باشەکە چییە؟ باشەکە وەڵامی خراپەکە دەداتەوە بەوەی کە فەرەنسا خاوەنی کۆمەڵێک ئەستێرەیە کە لە خولەکانی ئەوروپا یاریی دەکەن و زۆرترین جاریش ڕووبەڕووی یاریزانەکانی بەلجیکا بوونەتەوەو کێشەیان لەوە نییە کە 4 یارییان بەرامبەر بە تیپی دەرەوەی ئەوروپا کردبێت و خۆیان ئەزموونیان لە ئەوروپایە.

لە ڕووی تەکتیکییەوە فەرەنسا پشت بە هێرشبردن لەلای ئێمباپێوە دەبەستێت، یانیش بە تۆپی جێگیرو لێدان لە دەرەوەی هێڵی سزا.

بەلجیکاش خاوەنی زۆرترین گۆڵن لە پاڵەوانێتییەکەدا، ئەوان 14 گۆڵیان کردووە، کۆمەڵەکەیان یارمەتیدەربوو بۆ ئەوەی ئەرکی هەڵبژاردەکە ئاسانتر بێت و بە ئارەزووی خۆی مارتینێزی ڕاهێنەر پێکهاتەکەی بهێنێت و بیباتەوە تا ئەم پێکهاتەی ئێستای دۆزییەوە.

ئەوان لە
بە را مبە ر
بەرازیل زۆر
ماندوبوون،
یا ر ییە کی
مێژوویان کرد، بەپێچەوانەی فەرەنساوە تا ڕاددەیەک ئاسوودەتر یارییان بەرامبەر بە ئۆرۆگوای کرد، بەلجیکا وەک ئەسپی ڕەش دەرکەوت و لە ڕووی کوالێتی یاریزانەوە هیچ تیپێک هێندەی ئەوان ئەستێرەی نییە مەگەر فەرەنسا، بەڵام جیاوازییەکی بچووک لەنێوانیاندا هەیە ئەویش ڕاهێنەرەکانیانە، مارتینێز ئیسپانییەکی تەکتیکییەو ئامادەیە هەموو چەکەکانی بەیەکەوە بەکاربهێنێت، بەڵام دیشامپ جەنگاوەرێکی ترسنۆکە، لە غیرەتی تاقیکردنەوەی گەوهەرەکانی هێڵی یەدەگی نییەو پێکهاتەکەی لە ڕووی یارکردنەوە کەمترین گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت.

## ئینگلتەرا — کرواتیا
11/7/2015

ڕووبەڕووبوونەوەی سێ شێرەکەو ئاگرەکە، بە سادەیی ئەگەر دوایین یاریی هەردوو هەڵبژاردە وەربگرین ئەوا دەبینین ئینگلیزەکان لە ڕووی تەکتیکەوە لە لوتکەدابوون بەرامبەر سوێد، کەچی کرواتیا لە لوتکەی شەکەتیدا بیندرا، نەک تەنیا ئەم یارییە بەڵکو بەرامبەر بە دانیمارکیش بەهەمانشێوە، کرواتییەکان لە دوو یاریدا لەجیاتی 180 خولەک، نزیکەی 300 خولەک یارییان کردووە، بە لێدانی یەکلاییکەرەشەوە، ئینگلیزەکان 50 خولەک لەوان کەمتر یارییان کردووەو یارییەکەی سوێدیش بەهۆی نەبوونی پاڵەپەستۆ لەسەریان پشوویێکی باشیان وەرگرت.

چەکەکانی ئینگلتەرا زیاترن بۆ بردنەوە، هاری کەین بە هەموو شێوەیەک توانای گۆڵکردنی هەیە، خێراییەکەی ستێرلینگ و لینگارد، لەگەڵ پاسەکانی هێندرسۆن و ئالی، لێدانە سەرەکانی ماگوایەر و ستۆنز کاریگەرترینن.

بەڵام لە کرواتیا هەر کاتێک تۆپیان لێ عاسی دەبێت مۆدریچ نەبێت کەسیان ناتوانن دەربازی بکەن، لە ڕووی بەرگرییەوە باڵەکانیان توانای جەستەییان زۆر زوو دادەبەزێت بەتایبەت سترینیچ، خاڵی لاوازییان نەبوونی هێرشی پێچەوانەی زۆر خێرایە کە تەنیا یەک یاریی بەرامبەر ئەرجەنتین بەکاریان هێناو لەدوای ئەو یارییەوە ئەو تیپە وەک بڵێی لە ڕووی توانای جەستەییەوە کوژانەوە.

ئینگلتەرا شێوازی یاریکردنی جیاواز لە هەموو تیپەکانی دیکەیە، ئەو 3 ـ 5 ـ 2 یاریدەکات، شێوازێکی کلاسیکییە، بەڵام بە تەکتیکی سەردەمییانەو دروستکردنی تۆپ لە باڵەکان، ڕۆڵێکی وەهمی بزرکراو دەدات بە یاریزانی دروستکەری ناوەڕاست، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا بۆشایی لە ناوەڕاست دروستبێت مەترسییەکی زۆر دروستدەکەن، وەک ئەوەی لینگارد و هێندرسۆن بەسەر سوێدیان هێنا.

### بەرازیلییەکان هەرگیز لێی خۆش نابن..

# فێرناندینیۆ کێشە بۆ دایک و هاوژینەکەی دروستدەکات

**رووداوی وەرزشی - SAMBA**

ڕۆژنامەکانی بەرازیل، ڕایانگەیاند فێرناندینیۆی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی بەرازیل، لەنێو سەرجەم یاریزانانی هەڵبژاردەی سامبادا زۆرترین هەڕەشەی لێکراوەو زۆرترین جنێو و قسەی ناشیرین بۆ ئەو بوونە. بەپێی ئەو سەرچاوانە، بەرازیلییەکان هەرگیز لە فێرناندینیۆ خۆش نابن، چونکە پێیانوایە ئەو هۆکاری سەرەکی دەرچوونی هەڵبژاردەی سیلیساو بووە لە مۆندیالی ڕووسیا، کە لە قۆناخی 8ی مۆندیالدا بەرامبەر بەلجیکا گۆڵێکی بە هەڵە لە تۆڕی هەڵبژاردەکەی کرد.

ڕۆژنامەکانی بەرازیل، دەڵێن "بەرازیلییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرترین جنێویان بە فێرناندینیۆ داوە، هەروەها وشەی ڕەگەزپەرستیشیان بەکارهێناوە، تەنانەت لەدژی هەڕەشەی لێدان و کوشتنیشیان لێکردووە". کارەکە گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدارتر، چونکە ماڵباتی ئەو یاریزانەش ڕووبەڕووی جنێو و هەڕەشەی بەرازیلییەکان بووەتەوە، بەتایبەتیش دایکی فێرناندینیۆ، و سۆزای هاوژینی، کە ڕووبەڕووی هەرچی قسەی ناشیرین و جنێو بوونەتەوەو دایکەکەی بە ناچاری ئینیستاگرامی خۆی داخستووە.

بەپێی ئەو ڕۆژنامانە، فێرناندینیۆی یاریزانی یانەی مانچێستەر سیتی ئینگلیزی، زۆر نیگەرانە لەبەرئەوەی بووەتە هۆکاری دروستکردنی کێشە و مەترسی بۆ دایک و هاوژینەکەی خۆی و ترسی لەوە هەیە ئازاریان پێبگات.





### یانەی لێشبۆنە بڕی 2.62 ملیۆن دۆلار وەردەگرێت..

# 3 یانە لە چوونی ڕۆناڵدۆ بۆ یوڤێنتوس سوودمەند دەبن

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

بێجگە لە دوو یانەکەی ئیسپانیا و ئیتاڵیا، چەند یانەیەکی دیکەش سوودمەند دەبن لە ڕۆیشتنی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بۆ یوڤێنتوسی ئیتاڵی، بێئەوەی هیچ ئەرک و ماندووبوونێک ببینن.

یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، بڕی 2.9 ملیۆن دۆلاری بەر دەکەوێت، کە دەکاتە ڕێژەی 2.5% لە کۆی تەواوی دەستەوارەکە. هەندێ ڕاپۆرت ئاماژە بەوە دەکەن، یانەی مان یونایتد، یەکەم سوودمەندی ڕۆیشتنی ڕۆناڵدۆ بۆ یوڤێ دەبێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بڕی 2.9 ملیۆن دۆلاری بەر دەکەوێت، بە گوێرەی میکانیزمی هاوکاریی تایبەت بە فیفا، کە وەک نەریتێک بە مافەکانی ڕاهێنان دەناسرێت.

ڕاپۆرتەکان باس لەوەش دەکەن، یانەکەی ئینگلتەرا تاکە سوودمەندی ئەو گواستنەوەیە نییە، بەڵکو یانەی سپۆرتینگ لێشبۆنەی پورتوگالیش، بڕی 2.62 ملیۆن دۆلاری بەردەکەوێت، زێدەباری یانەی ناشیونال مادێرای پورتوگالی، کە بڕی 291 هەزار دۆلاری بەر دەکەوێت.

وا بڕیارە ئەو یانە ناوبراوانە ئەو بڕەیە پارەیە وەربگرن، بە گوێرەی لیستی فیفا، کە لە دەقەکەیدا هاتووە، لە کاتی چوونی یاریزانێک بۆ یانەیەک و ڕۆیشتنی لەو تیپە پێش تەواوبوونی ماوەی گرێبەستەکەی، ئەو یانانەی ڕۆڵیان لە ڕاهێنان و پێگەیاندنیدا هەبووە، لە ماوەی نێوان 12 و 23 ساڵیدا، ڕێژەی 5%ی بەهای گواستنەوەیان بۆ یانەکی دیکە بەردەکەوێت.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، لە تەمەنی 18 ساڵی چووە مانچێستەر یونایتد، بۆیە ئەو یانە ئینگلیزییە ڕێژەی 5%ی بەردەکەوێت، لەبڕی هەر وەرزێک لەو 5 وەرزەی لە ئۆڵدترافۆردی بەسەری بردووە، تاوەکو تەمەنی بووەتە 23 ساڵان.

یانەی سپۆرتینگ لێشبۆنەی پورتوگالی، بڕی 2.5% لە هەر وەرزێک لەو 3 وەرزە بەردەکەوێت، کە لە یانەکە بەسەری بردووە، کە ئەوکات لە تەمەنەکانی 13، 14 و 15 ساڵیدا بووە، لەگەڵ ڕێژەی 5% بۆ هەر وەرزێک لە 3 وەرزەکەی دواتر، واتە ئەوکاتەی لە تەمەنەکانی 16، 17 و 18 ساڵیدا بووە.

هەرچی یانەی ناسیۆنال مادێرایە، ڕێژەی 2.5% لە وەرزی دوایی بەردەکەوێت، کە ڕۆناڵدۆ لە ڕیزەکانیدا بوو و ئەوکات لە تەمەنی 12 ساڵیدا بوو.




## مێسی نییە

دوای ئـەوەی هەڵبـژاردەی سـەنیگال نەیتوانی قۆناخـی گرووپەکانـی مۆندیـال ببڕێت و ئەستێرەکەیشـی، سـادیۆ مانـی نەیتوانـی ئاسـتێکی بـەرز پێشـکەش بـکات، کـە لـە 3 یارییـدا تـەنیا گۆڵێکی تۆمارکرد، ئـەو یاریزانـە کەوتـە بـەر لێشـاوێک رەخنـەی راگەیاندنەکانـی وڵاتـەکـەی و جەمـاوەری سـەنیگالی، کـە پێیانوابـوو ئـەو دەتوانێـت سـەرکردایەتی هەڵبژاردەکەیـان بـکات بـۆ گەیشـتن بـە قۆناخەکانـی پێشـەوەی مۆندیـال، هـەر بۆیـەش بـە «مێسـی سـەنیگال» ناویـان نابـوو، بـەڵام دواتـر رایانگەیانـد «بەداخـەوە مانـی نەیتوانـی ببێتـە مێسـی سـەنیگال».

### نهێنی زەردپۆشینی بەرازیل چیبوو؟

# بەرازیلییەکان خەریکە گەشبینیی خۆیان لەدەســت دەدەن




"دوای شکستی هەڵبژاردەکەیان لە مۆندیالی 1950 بەرازیلییەکان بڕیاریاندا چیدی درێسی سپی نەپۆشن"

**ئا: رەمزی میرەکانی**

بەرازیلییەکان وەک گەشبینییەک رەنگی درێسی هەڵبژاردەکەیان لە سـپییەوە کراوەتە زەرد، بەڵام دوای دۆڕاندنـی بە بەلجیکا، بەرازیلییەکان خەریکە گەشـبینی خۆیان بەو رەنگەش لەدەست دەدەن.

دوای ئەوەی بەرازیل لەسـەر دەسـتی بەلجیکا لـە مۆندیالـی 2018 دەرکـرا، بـووە چـوارەم مۆندیـال بەسـەریەکەوە بەرازیلییـەکان ناتوانن خەونی گەلـی بەرازیلی بێننەدی، کـە تێکڕاییان عاشـقی تۆپی پێ و مۆندیالن. بۆیـە هەندێکیان خەریکە گەشـبینییان بـە رەنگی درێسـەکەیان لەدەسـتدەدەن، کـە لە راسـتیدا پێشـووتر زۆر گەشـبین بوونە بەو رەنگەو لـە بنەڕەتدا بەهۆی دۆڕان و لەدەسـتدانی یـاری کۆتایـی مۆندیالـی 1950 رەنگـی سـپی درێسـەکەیان بـە زەرد گـۆڕی، چونکە پێیانوابوو رەنگی سـپی شـوومی بۆ هێناون و رەنگی زەرد خۆشـی و سـەرکەوتنی پێداون.

### بۆچی لە سپیپۆشییەوە بوونە زەردپۆش؟

ئەو دۆڕانـە مێژووییەی هەڵبـژاردەی بەرازیل بەرامبـەر ئۆرۆگـوای، لە یاری کۆتایـی مۆندیالی 1950 تووشـی بوو، کە لەسـەر یاریگەی ماراکانا لە شـاری ریـۆدی جانیـرۆ بەڕێوەچـوو، بووە تاسـانێکی گەورە بۆ بەرازیلییەکان و هێشـتا لە یادی نەوەکانی سـامبا نەسـڕاوەتەوە، هەرچەندە لە وەشـانەکانی دواتـری مۆندیال درەوشـانەوە و توانیـان 5 جـار نازناوەکـە بەدەسـتبێنن، لە سـاڵانی 1958، 1962، 1970، 1994 و 2002.

هێشـتا بەرازیلییـەکان وا هەسـت دەکـەن، ئەو برینەی ئۆرۆگواییەکان جێیان هێشـتووە، هێشتا قەتامخـەی گرتووە و سـاڕێژ نەبووەتەوە، بەهۆی ئـەو تاڵییەی لە دۆڕانی نازنـاوی مۆندیالی 1950 چەشتیان، کە لەسـەر خاکی خۆیان بەڕێوەچوو.

بەرازیلییـەکان پێیانوابـوو، رەنگی سـپی لە درێسـی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان، وەک نەفرەتێک وابـوو لە یـاری کۆتایی مۆندیالـی 1950 بەریان کـەوت، رەنـگ و ئـاکاری یەک نەبـوون، بەڵکو نسـکۆیەکی رەش بوو بۆیان، بۆیـە دواتر بیریان لـە گۆڕینـی رەنگـی درێسـی هەڵبژاردەکەیان کـردەوە، لەبەرئـەوە دەسـتبەرداری رەنگـی سـپی بوون، کە هەمـوو مۆندیالەکانی پێشـوو لـە 1930 تاوەکـو 1950 یارییان پێـی کردبوو.

بەگوێـرەی رۆژنامـەی ئۆلیێـی ئەرجەنتینـی، رۆژنامەیەکـی بەرازیلـی بە هەماهەنگـی لەگەڵ یەکێتـی تۆپـی پێـی بەرازیل، پێشـبڕکێیەکی رێکخسـت بۆ گۆڕینی رەنگی درێسی هەڵبژاردەی بەرازیـل و دەستنیشـانکردنی رەنگێکـی دیکە، بەرپرسـانی بەرازیل ئـەو دیزاینەیـان هەڵبژارد، کە رۆژنامەنووسـێکی گەنج پێشکەشـی کردبوو، رەنگـی درێسـەکە زەرد بـوو لەگـەڵ کەمێـک تێکەڵەی رەنگی شـین، ژمارەکانیـش بە رەنگی سـەوز بـوون، بەمـەش بـووە یەکێـک لە بە رەواجتریـن درێـس لـە جیهاندا. هەڵبـژاردەی بەرازیـل یەکەم یـاری بە درێسـی زەرد بەرامبەر چیلی ئەنجامـدا، پێش دەسـتپێکردنی مۆندیالی 1954، کـە لە سویسـرا بەڕێوەچـوو، هەرچەندە سیلیسـاو نەیتوانـی نازناوی مۆندیال بەدەسـت بێنێـت، کەچی بەو رەنگە گەشـبین بـوو، دوای ئەوەی ئەسـتێرەکانی پێلێ و گارینشـیا، توانیان پێشـەوایەتی هەڵبـژاردەی وڵاتەکەیـان بکـەن، نازناوی مۆندیالی 1958 لە سـوێد بەدەستبێنێت، پاشـان پارێزگاریـی لـە نازناوەکـە بـکات، لە مۆندیالی چیلی لە سـاڵی 1962، ئینجا گەڕانەوە و بەدەسـتهێنانی نازناوی مۆندیالی مەکسـیک لە سـاڵی 1970، دواتـر لـە مۆندیالـی ئەمریکا لە ساڵی 1994 دەسـتکەوتەکەیان دووبارە کردەوە، دواجاریـش لە مۆندیالـی کۆریا و ژاپـۆن بوو لە سـاڵی 2002 دا.

ئێسـتا هەندیچک لە بەرازیلییـەکان لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە داوادەکەن بەرازیل رەنگی درێسـی خۆی بگۆڕێت، بۆ ئـەوەی رەنگێکی دیکە جـــارێکی دیکە سەرکەوتن و نازناوەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە.




### چیرۆکی جگەرچاندنی ئەبیدال، کە تاوەکو دێت کێشەکە قووڵتر دەبێت..

# ئامۆزایەکەی ئەبیدال جگەری خۆی پێنەداوە

**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

یانـەی بارسـێلۆنای ئیسـپانی، بەشـێوەیەکی لێبڕاوە رەتیکردەوە، هیـچ سـەرپێچییەک لـە چاندنـی جگـەر رووی دابێـت، کـە ئیریک ئەبیدالـی فەرەنسـی، یاریزانـی پێشـووی بارسێلۆنا سـاڵی 2012 بـۆی ئەنجام دار، کـە ئێسـتا پۆسـتی سـکرتێری هونەری یانەی بارسـای وەرگرتـووە.

یانەکـەی کەتەلۆنیـا لـە راگەیاندراوێکیـدا دووپاتیکـردەوە «ئـەو زانیاریانـەی بڵاوکراونەتەوە، راسـتییەکی گرنگیـان فەرامـۆش کـردووە، ئەویـش پاراسـتنی رۆژەڤـی لێکۆڵینەوەکانی ئەو جۆرە حاڵەتەیـە، لەلایـەن دادگایەکـی بارسـێلۆنا لە رێکەوتی 18ی ئایاردا، لەگەڵ ئـەو زیانەی بـەر ناودەنگی ئەبیـدال و هەموو ئـەو رێکخراوانە دەکەوێـت، کـە پەیوەندییـان بەو نەشـتەرگەرییەوە هەیـە، کـە بۆی کـراوە، چ بارسـێلۆنا بێـت، یـان سـەرۆکی پێشووی سـاندرۆ رۆسێل بێـت». زێدەبـاری ئـەوە، یانەی بارسـێلۆنا داخی بۆ ئـەوە خوارد، وردبینـی لە زانیارییـەکان نەکراوە، لـە کێشـەیەکی وا هەسـتیاردا، پابەندیـی خۆیشـی بەرامبـەر دووپاتکـردەوە، بـۆ یارمەتیدان لە باشـترکردنی رەوشـی ژیانـی ئەو منـداڵ و گەنجانەی، نەشـتەرگەری پزیشکی هاوشـێوەیان بۆ دەکرێت.

راگەیاندراوەکـەی بانـەی بارسـێلۆنا، کـە رۆژنامـەی EL Confidencial بڵاویکردووەتـەوە، ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، پۆلیس گوێی لە پەیوەندییەکانی سـەرۆکی پێشـووی بارسـا سـاندرۆ رۆسێل گرتـووە، کـە لەگـەڵ کەسـێکی دیکـە، بـۆ کڕینـی جگەرێـک بۆ ئەبیدال، بەشـێوەیەکی نا شـەرعی قسـە دەکات، کاتێـک تووشـی نەخۆشی شـێرپەنجە بوو، بەڵام لە نیسـانی 2012 جگەرێکـی دیکەی بـۆ چاندرا.

ئەبیدال لە 10ی نیسـانی 2012 نەشـتەرگەری چاندنـی جگەری بۆ کرا، لە بەخشـێنەرێکی زیندوو، کە بارسـا و ئەبیدال لە یەکەم ساتەوە گوتیان، ئامۆزایەتـی، بەڵام وادیارە درۆیـان کـردووە. هەروەهـا دانی ئالڤێشـی بەرگریـکاری بەرازیلـی و هاوڕێـی ئەبیدالیـش ئـەوکات ئامادەیـی خۆی نیشـاندا بۆ ئەوەی بەشـێک لـە جگەرەکـەی خـۆی پێشکەشـی ئەبیـدال بکات.

### ویستوویەتی رابکات و تەرمەکە لەسەر شەقام جێبێڵێت..

# ئەستێرەکەی هەڵبژاردەی مەغریب پیاوێک دەکوژێت




«هەندێک دەڵێن سەرخۆش بووەو هەندێکیش دەڵێن برایەکی ئەو کارەی کردووە»

**رووداوی وەرزشی ـ Sport**

چەنـد راپۆرتێکـی رۆژنامەڤانـی مەغریبی دووپاتیانکـردەوە، ئەمین حارس، ئەسـتێرەی هەڵبژاردەی مەغریب، کە بەم دواییە بەشـداریی یارییەکانی مۆندیالی رووسـیای کردو ئاستێکی بـەرزی پێشکەشـکرد، لە شـاری مەراکیش و کەسـێکی کوشتووەو ویسـتوویەتی رابکات.

دوای ئـەوەی ئەو ئۆتۆمبێلەی ئەسـتێرەی یانـەی شـالکێی ئەڵمانـی لێیدەخـوڕی، لە گەنجێکی تەمەن 28 سـاڵانی دا، پاشان ئەمین هەوڵیداوە بـە ئۆتۆمبێلەکەی را بـکات، بەڵام ئـەو هاووڵاتیانەی لە شـوێنی رووداوەکە نزیک بوونە، رایانگرتووەو لێنەگەڕاون رابکات، پاشـان پۆلیس هاتـووە و ئەمینیـان بردووەتە بنکەی پۆلیـس. چەندین هەواڵ بڵاوبووەتـەوە، گوایە برایەکی ئەمین هۆکاری سـەرەکی رووداوەکەیە و ئەمینیـش هەوڵی داوە پەردەپۆشـی بکات، چونکـە ئەو منداڵێکـی تەمەن 14 سـاڵانە و مۆڵەتـی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی نییـە، هەروەها هەنـدێ سـەرچاوە باس لـەوە دەکـەن، ئەو یاریزانـە لە کاتـی لێخوڕینـی ئۆتۆمبێلەکەی سـەرخۆش بووە و لەگـەڵ یاریزانێکی دیکەی هەڵبـژاردەی مەغریب پێشـبڕکێی کـردووە، بۆیە ماڵباتی قوربانییەکـە داوای هاتنە دەنگی خودی پاشـای مەغریبیان کـردووە، بۆ ئەوەی لەو کێشـەیەدا دادپەروەریی پیـادە بکرێت.

پۆلیسـی هاتوچـۆ لـە شـاری مەراکیش، ئەمینیـان رەوانـەی دادگای بەرایـی کردووە، کـە دووبـارە گـوێ لـە وتەکانـی گیـراوە، دەسـەڵاتدارانی مەغریب پەلەیان لە کێشەکەدا کـرد، لەبەرئـەوەی ئەمین لە خولـی ئەڵمانیا یاری دەکات و دەبێـت بۆ قۆناخی ئامادەکاریی وەرزی تـازە بگەڕێتەوە.

نـاوی قوربانییەکـە هیشـامە، دایـک ئەو دەڵێت «هەموو رۆژێ هەسـتەکەم یەکێک دڵی من پارچـە پارچـە دەکات، ئـەو خێزانەکەی ئێمـەی بەخێو دەکـرد». هەروەها دەشـڵێت «مـن لەوە دەترسـێم ماڵباتـی ئەمین حارس بەهـۆی دەوڵەمەندییـان بتوانـن رێوشـوێنە یاسـاییەکان بـۆ بەرژەوەندی خۆیان ئاراسـتە بکەن. ئەگـەر ماڵی قارۆنم بدەنـێ قەرەبووی کوڕەکـەم ناکاتەوە».

راپۆرتـەکان ئامـاژە بەوە دەکەن، سـزای ئەمیـن حارس لەنێوان 3 بۆ 5 سـاڵ بەندکردن دایـە، لەگـەڵ پێ ژماردنـی دارایی لـە نێوان 500 بـۆ 5000 یـۆرۆ، لـەو کاتـەی هەندێ سـەرچاوەی دیکە دووپاتی دەکەنـەوە، ئەمین هـەوڵ دەدات دانوسـتان لەگـەڵ ماڵباتـی قوربانییەکەدا بـکات، تاوەکو چارەیەکی دارایی بدۆزنـەوەو کۆتایـی بە کێشـەکە بێنن.





KOREK Telecom

# باشترین بژاردەیە

## هێڵی قوتابی لە(کورەك)ەوە

هێڵی قوتابی لە (کورەك)ەوە کە تایبەتمەندە بە سەرجەم قوتابیانی پەیمانگا و زانکۆکان. ئەم هێڵە سەرجەم خاسیەتەکانی پاشەکەوتکردن لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی قوتابیان بە ئاسانترین ڕێگا سەرکەوتوو بن.
بە کاراکردنی هێڵی قوتابی، مانگانە تەنها بە 10,000 د.ع بەشداربە و ئەم خزمەتگوزارییانە بەدەستبهێنە:
• خولەکی خۆڕایی بۆ ناو تۆڕی کورەك*
• 100 خولەك و 100 نامە بۆ تۆڕە ناوخۆییەکانی تر
• 2GB ئینتەرنێتی مانگانە

بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری هێڵی قوتابی، پەیوەندی بکە بە #1*1*2*1*382*
بۆ ڕاگرتنی نوێکردنەوەی ئۆتۆماتیکی، پەیوەندی بکە بە #1*2*2*1*382*
بۆ زانینی باڵانس، پەیوەندی بکە بە #3*382*

*سیاسەتی بەکارهێنانی دادپەروەرانە پەیڕەودەکرێ

چۆنیەتی تۆمارکردن:
سەردانی یەکێك لە سەنتەرە سەرەکییەکانی فرۆشی کورەك بکە و دڵنیابە لەوەی ئەم بەڵگەنامە پێویستانەی خوارەوەت لەگەڵ خۆت هێناوە:
• ناسنامەی باری شارستانی
• ناسنامەی کۆلێژ یان پەیمانگا
• پسوولەی خۆراك
• وێنەی کەسیەتی (2 دانە)

411
korektel.com



## ڕفێنرابوو

جۆن ئۆبی میکێل، کاپتنی هەڵبژاردەی نایجیریا، دانی بەوەدا نا کە بەر لە یاری ئەرجەنیتن و نایجیریا لە مۆندیالدا، باوکی ئەو ڕفێنرابوو، بەڵام ئەو نەیویست 180 ملیۆن نایجیری بێئومێد بکات، بۆیە بەشداری لە یارییەکەدا کرد. میکێل لەو بارەوە گوتی «4 کاژێر بەر لە یارییەکە تەلەفۆنێکم بۆ هات، داوایانکرد پارەیەکی زۆریان پێبدەم، ئەگەرنا باوکم دەکوژن، من دوودڵ بووم لەوەی یارییەکە بکەم یان نا؟ نەشمویست بە پۆلیس و ڕاگەیاندنەکان بڵێم، چونکە دەمزانی باوکم دەکوژن، بەڵام لەبەر نایجیرییەکان بڕیارمدا یاری بکەم». دواتر باوکی میکێل لە لایەن پۆلیسەوە ڕزگارکرا.

KOREK Telecom

لەبەرچی جەزائیرییەکان زیزۆیان خۆشدەوێ؟..

# زیدان: شانازی دەکەم باوکم شوان بووە





ئا: ڕووداوی وەرزشی

زەینەدین زیدان، ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسی، پێگەیەکی تایبەتی لە دڵی ملیۆنەها جەزائیری هەیە، هەرچەندە ئەو کە بە ڕەگەز جەزائیرییە، بۆ هەڵبژاردەی فەرەنسا یاری کرد و بەرگری لە ڕەنگەکانی درێسی هەڵبژاردەی باوک و باپیرانی لە جەزائیر نەکرد. دەبێ چ هۆکارێک هەبێت وای لە جەزائیرییەکان کردبێت هێشتا زیزۆیان خۆش بوێت و شانازی پێبکەن.

«من بە شانازییەوە جەزائیریم»

### باوکی زیدان شوان بوو

زیزۆ توانی دڵی جەزائیرییەکان بەلای خۆی ڕاکێشێت بەهۆی لێدوانە یەک لەدوای یەکەکانی، لەبارەی ڕەچەڵەکە جەزائیرییەکەی، زیدان بە دەنگی بەرز و بێ دوو دڵی و لەچەندین بۆنەی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی، چ ئەو کاتەی لە یوڤێنتوس بوو یان لە ڕیال مەدرید، دەیگوت «لەبیر ناکەم دایک و باوکم لە کوێ هاتوون. ئیسماعیلی باوکم و مەلیکەی دایکم لە کوێ گەورە بوون».

باوکی زیدان بەهۆی هەژاری کۆچیکردووە بۆ شاری مارسیلیا و گوندی (ئەقمون) لە نزیک بجایە جێهێشتووە. زیدان دەڵێت «باوکم بە مێرمنداڵی شوان بوو لە بەرزایی قەبائیلەکان لە جەزائیر، من شانازی پێدەکەم». قسە قووڵەکانی زیدان لەبارەی گوندەکانی جەزائیر کاریگەریان بەسەر بەرزکردنەوەی پشکەکانی، لەلایەن گەنج و پیر و ژنان هەبوو و زیزۆی هونەرمەند لەنێو دڵی هەموویان شوێنی خۆی گرت.

### «شانازی بە جەزائیریبوونی خۆم دەکەم»

ئەو لێدوانە گەرمەی ڕاهێنەری پێشووی ڕیال مەدرید، بۆ کەناڵە ئاسمانییەکانی فەرەنسی دای لە کانوونی یەکەمی 2006، ئەوکاتەی لە فڕۆکە لە جەزائیر دادەبەزی لەگەڵ دایک و باوکی براکەی، وای لە زیدان کرد خۆی باوێتە نێو ئامێزی وڵاتی باوک و باپیرانی، زیزۆ لەبەردەم کامێراکانی فەرەنسا گوتی «من جەزائیریم و شانازی بە جەزائیریبوونی خۆم دەکەم، لەسەرم بوو باوکم ببەمە ئەو گوندەی کە لێی گەورە بووە و بە منداڵی یاری تێدا کردووە، جەزائیر بەردەوام لەنێو دڵم دایە».

ڕۆناڵدۆ و زیدان..

# باشترین دوو هاوڕێ لە مێژووی تۆپی پێدا



ئا: ڕووداوی وەرزشی

لەم ڕاپۆرتەدا تیشک دەخەینە سەر پەیوەندییەکی زۆر تایبەت، کە لە ڕکابەرییەوە لەسەر یاریگە و خەڵاتەکان بۆ دۆستایەتی گۆڕا، سەیر لەوەدایە بۆ ڕکابەری تۆپی پێش گۆڕا.

### زەینەدین زیدان و ڕۆناڵدۆ

ساڵی 1996 کارگێڕی یوڤێنتوس توانی زەینەدین زیدانی فەرەنسی تەمەن 24 ساڵان، لە ریزەکانی بۆرۆدی فەرەنسی بگوازێتەوە، دوای ئەوەی پێشەوایەتی تیپە فەرەنسییەکەی کرد بگاتە یاری کۆتایی جامی یەکێتی ئەورووپا. دەستەوارەکەی زیدان گرنگترین دەستەوارەی بیانکۆنێری بوو، نەوەک تەنیا لەبەر تواناکانی زیدان، بەڵکو لەبەر بوونی ململانێیەکی نزیکەی 2 ساڵی بۆ پەلکێشکردنی، لەلایەن چەندین یانەی ئەورووپای وەک بارسێلۆنا، نیوکاسڵ یونایتد و بلاکبێرن ڕۆڤەرزی پاڵەوانی خولی ئینگلیزی لە ساڵی 1995، بەڵام کارگێڕی یانە فەرەنسییەکە بە گرێبەستەکە ڕازی نەبوو، بە بیانووی ئەوەی شێوازی یاریکردنی زیزۆ لەگەڵ خولی ئینگلیزی ناگونجێنێت، بۆیە چووە ریزەکانی یوڤێی پاڵەوانی چامپیۆنزلیگ. دوای یەک ساڵ یاریزانی بەرازیلی ڕۆناڵدۆ، لە بارسێلۆناوە چووە ریزەکانی ئینتەرمیلان، ڕۆناڵدۆ باشترین یاریزانی جیهان بوو لەساڵی 1996 و 1997، بۆیە ساڵێک پێش مۆندیالی فەرەنسا 1998 بڕیاریدا بچێتە ریزەکانی نیراتزۆری.

### سەرەتای ململانێ

لە وەرزی 1997 ـ 1998 بەرچاوترین ڕکابەری لەسەر ئاستی یاریزانانی جیهان لەنێوان ڕۆناڵدۆ و زیزۆ بوو، ئەوەی یەکەمیان لەگەڵ ئینتەرمیلان نازناوی جامی یەکێتی ئەورووپای بەدەستهێنا، دووەمیشیان خولی ئیتاڵیای لەگەڵ یوڤێ بەدەستهێنا. زیدان براوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی بیانی بوو لە وەرزی یەکەمی لەگەڵ یۆڤی 1996 ـ 1997، بەڵام ڕۆناڵدۆ لە 1998 بەسەر زیزۆ سەرکەوت و خەڵاتی باشترین یاریزانی لە پاڵەوانیەتی یانەکانی ئەورووپای بردەوە، دوای ئەوەی لەگەڵ ئینتەرمیلان نازناوی یۆرۆپالیگی بەدەستهێنا، لەو کاتەی زیدان لە یاری کۆتاییدا نازناوی چامپیۆنزلیگی بۆ ڕیال مەدرید لەدەستدا. هەر لەو ساڵەدا هەرچەندە زیدان نازناوی خولی ئیتاڵی بەدەستهێنا، کەچی ڕۆناڵدۆ نازناوی باشترین یاریزانی بیانی لە خولەکە بەدەستهێنا.

### دراماى مۆندیالی 1998

لە هاوینی هەمان ساڵدا، فەرەنسا میوانداریی مۆندیالی کرد، زیدان و ڕۆناڵدۆ لە یاری کۆتایی ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە، زیزۆ 2 گۆڵی تۆمارکرد و نازناوی یەکەم مۆندیالی بۆ خۆی و وڵاتەکەی بەدەستهێنا، کەچی ڕۆناڵدۆ بە پێکراوی بەشداریی لە یارییەکەدا کرد و دوای یارییەکە گوتی «مۆندیالم دۆڕاند، بەڵام ژیانی خۆم بردەوە». لە ساڵی 1998 زیدان خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی بەدەستهێنا، لەبەر بەدەستهێنانی نازناوی خولی ئیتاڵیا و بەدڵنیاییەوە نازناوی مۆندیالیش. یاری کۆتایی مۆندیالی فەرەنسا بووە دانپێدانانێکی جیهانی بە تواناکانی زیزۆ، کە دوای دوو ساڵ لە یۆرۆی 2000 باشتر دەرکەوت، بەمەش لەسەر نووسینەوەی ئەفسانەیی خۆی بەردەوام بوو، لەلایەکی دیکەوە ڕۆناڵدۆ لەو ماوەیە بەدەست چەندین پێکانەوە دەیناڵاند، بەڵام مۆندیالی 2002 بە گەڕانەوەی ڕۆناڵدۆ دادەنرێت.

### وەچەرخان

لە هاوینی 2001 زیزۆ لە یوڤێنتوسەوە چووە ڕیال مەدرید، لە هاوینی دواتریش ڕۆناڵدۆ دوای بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیالی 2002 چووە ڕیال مەدرید. هەردووکیان 4 وەرز لە 2002 تاوەکو 2006 بەیەکەوە یارییان کرد، تاوەکو زیدان دوای مۆندیالی 2006 بڕیاری وازهێنانی دا.

### کۆتایی ڕکابەری

لەبەرئەوەی کۆتایی پەیوەندی زیدان بە تۆپی پێ، مۆندیالی ئەڵمانیا 2006 بوو، پەیوەندی ڕکابەریی لەگەڵ ڕۆناڵدۆ لە چارەکی کۆتایی مۆندیال کۆتایی هات، زیزۆ گۆڵی بردنەوەی فەرەنسییەکانی لە هەڵگری نازناوەکە دروستکرد، بەشێوەیەکی نایاب یاری بە ڕۆناڵدۆ کرد و لە مۆندیال دووریخستەوە، لە دوایین بەشداریکردنی ڕۆناڵدۆ لە مۆندیال، کە وازهێنانی زیدانی بەخۆوە بینی.

### یاری خەون

دوای چەندین ساڵ لە ڕکابەریکردن لەنێو یاریگەکانی ئەورووپا و جیهان، زیزۆ و ڕۆناڵدۆ لە یەکەم یاری بەیەک گەیشتن، دوای چوونی ڕۆناڵدۆ پاڵەوانی جیهان بۆ ڕیال مەدرید، گفتوگۆیەکی خۆشیش لە نێوانیاندا ڕوویدا. ڕۆناڵدۆ پاڵەوانی جیهانی 2002 کۆمێنتی لەسەر گۆڵەکەی زیدان، پاڵەوانی چامپیۆنزلیگ لەهەمان ساڵ، لە یاری کۆتایی دژی بایرلیڤەرکۆزن دا، گۆڵەکە بەشێوەیەکی هونەری نایاب بوو و گوتی «زۆرن ئەو یاریزانانەی گۆڵ تۆمار دەکەن، بەڵام هەموویان توانای ئەوەیان نییە گۆڵی جوان تۆمار بکەن، ئەگەر 10 جار هەوڵ بدەم گۆڵێکی وەک ئەوەی زیدان تۆمار بکەم، سەرکەوتوو نابم، نەک لە یەکەم جارەوە». ڕۆناڵدۆ لە درێژەی قسەکانی بۆ زیزۆی هاوڕێی گوتی «ئەو یارییەت لەبیرە کە لە ڕۆما لە ڕێکخستنی فیفا ئەنجامماندا؟ تۆ تۆپەکەت بۆ ناردم هەرچەندە منیشت لێ دیار نەبوو، لە شوێنێکی چۆڵ بووم لەنێو دوو بەرگریکاردا، خۆم بینی بەتەنیا بەرامبەر گۆڵپارێز مابوومەوە». زیدان وەڵامی دایەوە و گوتی «زۆر شت هەیە لە ئاستی ڕۆناڵدۆ بەدڵمە، بەڵام ئەوەی لەبیرم ناچێتەوە، یاری کۆتایی یۆرۆپالیگە لەدژی لازیۆ لە ساڵی 1998، یاریکردن بە ئەلیساندرۆ نێستا لەلای چەپ، ئەو یاریپێکردنە بەڕای خۆم، هەموو تۆپی پێی ڕۆناڵدۆ پوخت دەکاتەوە، ئەو جوولە ناوازەیە، یاری بە بەرگریکارێک بکەی و لێی دەرباز بیت، ناتوانی ئەوە بکەی هەتا بە وێنەگرتنی هێواشیش». ڕۆناڵدۆ زیاتر لەوەش پەسنی زیدانی دا و گوتی «هەموو شێوازی یاریکردنی تۆ دەزانن کە پەیڕەوی دەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا کەس ناتوانێت تۆپت لێوەرگرێت، لە میانی ئەو جوولەیە جەستە تۆپ دەپارێزێت، ئینجا ڕۆڵی قاچەکەی دیکە دێت، شتەکە وەک تیۆری بە ئاسانی دێتە بەرچاو، بەڵام لەو گۆڕەپانەدا ئەوها نییە، هەموو هەوڵ دەدەن تۆپەکەت لێوەرگرن، بەڵام پێیان ناکرێت». زیدانیش گوتی «بەڕای خۆم دیارترین شتی جیاکەرەوەی ڕۆناڵدۆ ئەوەیە، پێش ئەوەی تۆپ وەرگرێت دەزانێت چی دەکات».

ڕۆناڵدۆ بۆ زیدان:
هەموو هەوڵدەدەن تۆپەکەت لێوەرگرن. بەڵام پێیان ناکرێت



زیدان بۆ ڕۆناڵدۆ:
پێش ئەوەی تۆپ وەربگری دەزانی چی دەکەی

## بەدەست کۆتینیۆیە



چەند راپۆرتێکی رۆژنامەڤانی ئیسپانی، دوپاتیانکردەوە چارەنووسی یێری میناى بەرگریکاری کۆلۆمبی یانەی بارسێلۆنا بەدەست فلیپی کۆتینیۆی یاریزانی بەرازیلی یانە کەتەلۆنییەکەیە. بەپێی ئەو سەرچاوانە بەرپرسانی بارسێلۆنا دڵنیان لە مانەوەی مینا لەگەڵ تیپەکەیان، چونکە دەزانن سوود لە تواناکانی ئەو یاریزانە وەردەگرن، کە لە مۆندیالدا لەگەڵ هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا ئاستێکی بەرزی پێشکەشکرد. بەڵام وەک ئەو سەرچاوانە دەڵێن "مانەوەی مینا بەدەست کۆتینیۆیە، ئەگەر ئەو وڵاتینامەی ئیسپانی وەربگرێت، مینا دەتوانێت بمێنێتەوە، چونکە بارسا ئەوکات دەتوانێت سوود لە تواناکانی یاریزانێکی دیکەی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا وەربگرێت".

# دایکی رابیۆ کوڕەکەی دەداتە بارسێلۆنا

**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

رۆژنامەیەکی کەتەلۆنی نزیک لە یانەی بارسێلۆنا، ئاشکرایکرد دایکی ئەدریان رابیۆی یاریزانی فەرەنسی یانەی پاریس سانجێرمان دەیەوێ کوڕەکەی بداتە بارسێلۆنا.

بەپێی ئەو رۆژنامەیە، ئێریک ئەبیدالی سکرتێری هونەری یانەی کەتەلۆنی، بڕیاریداوە رابیۆی تەمەن 23 ساڵی بە دیاری پێشکەشی لیۆنێل مێسی و هاوڕێکانی بکات و بۆ ئەو مەبەستە چاوی بە دایکی رابیۆ کەوتووە، کە بەپێی رۆژنامەکە، ئەو دایکەش، کە بریکاری کوڕەکەیەتی، حەزدەکات کوڕەکەی بچێتە بارسا.

زۆر بە دەگمەن روویداوە، دایکێک بەڕێوەبەری کارەکانی کوڕەکەی بێت، وەک دایکی رابیۆ، بەڵام هەر ئەوەش یارمەتی ئەبیدال و بارسا دەدات، تواناکانی رابیۆ بەدەستبێنن، چونکە وەک مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ دەڵێت «دایکی رابیۆ زۆر حەزدەکات کوڕەکەی بداتە بارسێلۆنا».

بەپێی رۆژنامە کەتەلۆنییەکە، هۆکارێکی دیکەش لە بەرژەوەندی بارسادایە، ئەویش ماوەی گرێبەستەکەی رابیۆیە لەگەڵ پاریس سانجێرمان، کە لە هاوینی داهاتوودا تەواو دەبێت، بۆیە بەرپرسانی یانە پاریسییەکە ئەوە دەزانن ئەگەر رابیۆ ئەمساڵ نەفرۆشن، ساڵی داهاتوو دەتوانێت بەخۆڕایی بچێتە یانەیەکی دیکە.





### ئۆزێل بۆ ئامینە:

# تۆ پشتیوانم بە با هەموو جیهان لە دژم بێت

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

مەسعود ئۆزێل، یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی، سوپاسی هاوژینە تورکەکەی، ئامینە گوڵشای ئەکتەری بەناوبانگی تورکی کرد، کە پشتیوانی بووە لەو ماوە زەحمەتەی لەم چەند هەفتەی دواییدا تێیدا گوزەری کردووە.

ئۆزێل دوای وێنەگرتنی لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا، رووبەڕووی هەڵمەتێکی گەورەی رەخنە و گلەیی بوو لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە، تەنانەت بەهۆی ئەو کێشەیەوە ئۆزێل نەیتوانی لە مۆندیالی رووسیادا ئاستێکی باش پێشکەش بکات، بۆیە لەدوای دەرکردنی ئەڵمانیا لە مۆندیال، رەخنەکانی سەر ئۆزێل زیاتر بوون. ئۆزێل لە ئینیستاگرامەکەیدا، سوپاسی ئامینەی کردووە و بۆی نووسیوە "زۆر سوپاس کە تۆ بە بەردەوامی پشتگیریت دەکردم، تۆ واملێدەکەی پێبکەنم تەنانەت ئەگەر هەموو جیهانیش لە دژی من بێت". ئامینە، کە شاجوانی پێشووی تورکیایە، مێردی بە ئۆزێل کردووە، ئەمەش هۆکارێکی دیکەی تووڕەیی ئەڵمانییەکانە لە ئۆزێل، کە پێیانوایە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ کچێکی تورک ئەو راستییە دووپاتدەکاتەوە کە ئۆزێل خۆشەویستی و ئینتیمای بۆ تورکیا زیاترە لە ئەڵمانیا".



ڕێبوار محەممەد

## لە بری من، لوکاکو

زۆر بابەتی جیاواز هەبوو لەسەری بنووسم، بەتایبەت کە مۆندیالی 2018ی رووسیا لە دوا هەفتەیدایە، بەڵام هەڤپەیڤینێکی رۆملیۆ لوکاکوی هێرشبەری هەڵبژاردەی بەلجیکا هەڵوەستەیەکی زۆری پێکردم، ناچاریکردم هەندێک لە قسەکانی ئەو ئەستێرەیە بکەمە کوردی.

راستییەکەی هەموو کات چیرۆکی ئەو کەسانەی لە هیچەوە دەبنە هەموو شت، هەڵوەستەم پێدەکات. بەسەرهاتی ئەو کەسانەی شانوبازوی خۆیان و شەونخونییان، دەیان گەیێنێتە پلەی باڵا، بۆ من زۆر جێگەی سەرنج و هەڵوەستە لەسەرکردنە.

قسەکانی لوکاکو بۆ هەموومان گرنگن، بە پلەی یەکەم بۆ ئەو گەنجانەی ئەم وڵاتە کە هەر زوو لەبەردەم شەپۆلی خەم و نەهامەتی و هەژاریدا چۆک دادەدەن و دەستەلەخۆیان دەشۆن. راستتر بڵێم ئومێدم لە وەرگێڕانی پوختەی قسەکانی لوکاکو، ئەوەیە گەنجەکانی وڵاتەکەی منیش لەوە تێبگەن هەموو گۆڕانکارییەک لە خۆیانەوە دەستپێدەکات، هەر خۆیانن بڕیاردەدەن داهاتوویان چۆن دەبێت نەک چارەنووس.. لەگەڵ قسەکانی لوکاکودا:

* ئەو ساتەم باش لەبیرە کە تێیدا گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئێمە تێکشکاوین، نیگاکانی دایکم لەبەردەم بەفرگرەکەدا. ئەوکات تەمەنم 6 ساڵ بوو، لە قوتابخانە دەهاتمەوە بۆ ئەوەی ژەمێک نان بخۆم، هەموو رۆژ هەمان جۆر خواردن دووبارەدەبووەوە، شیر و نان، یان نان و شیر. ئەو رۆژە دایکم لەبەردەم بەفرگرەکەدا سەرقاڵی تێکەڵکردنی شتێک بوو لەگەڵ شیرەکەدا، ئەو بەبزەوە ژەمەکەی خۆمی بۆ هێنام، واپێیشاندام هیچ روونەداوە. بەڵام دەستبەجێ تێگەیشتم، دایکم ئاوی تێکەڵی شیر دەکرد، چونکە شیرەکە تا کۆتایی هەفتە بەشی نەدەکردین، لەوێوە تێگەیشتم کە ئێمە نەک هەژارین، بەڵکو تێکشکاوین.

* باوکم یاریزانی تۆپی پێ بوو، بەڵام مایەپوچ بووبوو، پارەی نەبوو. دۆخەکە هێندە خراپبوو، تەلەڤزیۆنی ماڵەکە فرۆشرابوو، ئاوی گەرم نەبوو، مشک تەراتێنیان دەکرد لە ماڵەکەماندا، پارە نەبوو کارەبای پێبکڕین. ئەو رۆژەی دایکم ئاوی تێکەڵی شیرەکە کرد، وەک ئەوەبوو کەسێک پەنجە بەناخمدا بنێت و بەئاگام بێنێت، بەبێدەنگی ژەمەکەی خۆم خواردو هیچم نەگوت، بەڵام بەڵێنمدا ئەو ژیانە بگۆڕم.

* ئەو رۆژانەی تەمەنم بوو بە 12 ساڵ، رۆژانە هاوڕێکانم باسی یارییەکانی چامپیۆنزلیگیان دەرکرد، یەکێکیان دەیپرسی، گۆڵەکەی زیدانت بینی؟ کام گۆڵ؟ خۆ ئێمە تەلەڤزیۆنمان نەبوو تا یارییەکانی لێوە ببینم، بەڵام دەبوو وا خۆم پێشانبدەم کە هەموو شتم بینیوە، سەرسامیم بەو گۆڵە پێشاندەدا کە نەمبینیبوو.

* ماوەی 10 ساڵی ڕێکبوو چامپیۆنزلیگم نەدەبینی. دەبوو بە پێڵاوێکەوە یاری بکەم کە دەیان کونی تێدا بوو، پێڵاوەکەش هی من نەبوو، هی باوکم بوو، ئەو بۆ ئیش و منیش بۆ یاری لە پێمان دەکرد. ئەوکات هەموان باسی تێری هێنرییان دەکرد، بەڵام من یارییەکانی ئەوم نەدەبینی، کەچی ئێستا پێکەوەین، ئەو یاریدەدەری راهێنەر و منیش یاریزانی هەڵبژاردەی بەلجیکام.

* لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتییانەدا، بەڵێنەکەی خۆمم لەبیربوو. هەندێک رۆژ دەگەڕامەوەو دەمبینی دایکم دەگری، دەچوومە پاڵی و دەمگوت دایکە گیان.. ئەم ژیانە دەگۆڕین، چاکی دەکەین. شەو دادەهات، پێکەوە لەگەڵ براکەم و دایکمدا، لە تاریکیدا، بەبێ رووناکی نزامان دەکردو دەپاڕاینەوە.

* جارێک لەگەڵ باپیرمدا قسەم کردو گوتی ئاگات لە کچەکەم بێت. منیش سکاڵای ئەوەم لەلاکرد کە هەموان بەگەورەتر لە تەمەنی خۆم تەماشام دەکەن و ناچارم لە هەموو یارییەکدا ناسنامەکەی خۆمیان پێشان بدەم، تا بڕوام پێبکەن من هاوتەمەنی یاریزانەکانی دیکەم. ئەوکات نەمزانی باپیرم مەبەستی چییە؟ پاش 5 هەفتە ئەو مرد، حەزمدەکرد ئێستا بمابووایە تا پێیبڵێم: باپیرە ئێستا وەک جاران نییە، پێویست بەوە ناکات هەمووجار ناسنامەکەم دەربهێنم تا بیسەلمێنم من کێم، ئێستا هەموان کە دەمبینن، دەستبەجێ دەمناسنەوە.

پێشبڕکێی

## بە کورتترین و جوانترین کۆمێنت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە



کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو سۆران عابد لە هەڵەبجە

بە کۆمێنتی: ( یەکجار لێت پەستم، دێیتەوە بەر دەستم)


KOREK Telecom

# ڕاستەوخۆ ئاگاداری ڕووداوەکانی جامی جیهانی 2018 بە!

# ئێستا ئەپڵیکەیشنی کاپتن کورەك دابەزێنە بۆ وەرگرتنی ماوەی تاقیکاری بەخۆڕایی!



ئەپڵیکەیشنێکە، تایبەتە بە هەوادارانی تۆپی پێ. ڕاستەوخۆ نوێترین هەواڵی جامی جیهانی 2018 و تیپی دڵخوازت و ئەنجامی یارییەکانت پێ دەگەیەنێ، وەك ئەوەیە بۆ خۆت لەناو یاریگابیت. بەتەنها لە (کورەك)ەوە، ئەپڵیکەیشنی ناوازەی وەرزشی کاپتن کورەك.

- ئەپڵیکەیشنەکە زۆر بەئاسانی لە ڕێی PlayStore و AppStore دابەزێنە, یان ژمارە 1 بنێرە بۆ 388 یاخود پەیوەندی بکە بە 388.
- ڕاستەوخۆ نوێترین هەواڵ، گۆڵ، وێنە، و ئەنجامەکان بە سێ زمان وەربگرە و ئاگاداری یارییەکان بە.
- نرخی بەشداریکردن، هەفتانە 600 دینارە .

Captain KOREK

Available on the App Store

ANDROID APP ON Google play

korektel.com

411


RÛDAW
www.rudaw.net

(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ئاکار جەلیل

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە